# بەياننامەی

# مافەكانی ژن

# مافە ئابوورییەکان

**1- ژنان دەبێ مافی کارکردن و ئازادی هەڵبژاردنی کاریان هەبێ.**

هەبوونی کار و ئازادی هەلبژاردنی پیشە، مافی تیکرای کەسانی ناو کۆمەلگایە و مافی سەرجەم ژنان و پیاوانە. تیکرای ئەو یاسایانەی کە ئەو مافە پێشیل دەکەن، دەبی هەلوەشینەوە. سەرجەمی ئەو ئاستەنگ و کۆسپە یاساییانەی پیش بە کاری ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەگرن، دەبی لەناو بچن.

کار و پیشەی ژنان نابی بە ئیجازەی باوك یان هاوسەر ببەستریتەوە. ژنان دەبی بتوانن بەشداری لە بەرهەم هینانی کۆمەلگادا بکەن و سەربەخۆیی ئابووریان بۆ دابین بکرێ.ئەرکی دەولەتە کە بوار بۆ کار و پیشەی ژنان لە کۆمەلگادا برەخسێنێ و ئاسانکارییان بۆ بکات و لە پیناو نەهیشتنی کەند و کۆسپە کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانی سەر ریگای کاری ژنان هەنگاوی تایبەتی هەلبگرێ.

**2- هەر جۆرە هەلاواردنیکی جنسی لە مەیدانی کار و پیشەدا قەدەغەیە.**

هەر جۆرە کردەوەیەکی نابەرابەر و هەلاواردن سەبارەت بە دامەزراندن یان بەرز کردنەوەی ئاستی پیشەیی لەسەر بنەمای جنسی دەبی قەدەغە بکرێ.

تەرخان کردنی کار و پیشە و ئەسپاردنیان بەپیی جنسیەت دەبی لەناو بچێ و ژنان پیاوان دەبی لە دامەزراندن و وەرگرتنیان لە مەیدانی کارە جۆراوجۆرەکاندا لە مافی بەرابەر و یەکسان بەرخوردار بن.

**3- ژنان دەبی بۆ پەیدا کردنی کار، هەل و ئیمکـانی پیویسـتیان لەگـەل پیاوان بۆ برەخسیٚ.**

لـە پینـاو سـرینەوەی شـوینەواری هـەلاواردنی نیـوان پیـاوانو ژنـان لـە مەیدانەکانی کاردا، دەبی هەموو ئـەو دواکەوتووییانـەی کـە هـەل و مـەرجی کۆمەلایـەتی ئیسـتا بەسـەر ژنانیـدا سـەپاندوە، قـەرەبوو بکرینـەوە. ئاسـتی پەروەردە، لیهاتووی و پسپۆرییەکانی ژنان دەبـی گرینگـی پیٚبـدریٚ و هـەل و مەرجی لەباری کۆمەلایەتی و فەرهەنگی پیویست بە مەبەسـتی لـەناو بردنـی دابەش کردنی کار و پیشە بە پیاوانە و ژنانـە دابین بکـریٚ. بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەکـەم دەبـی دەولـەت وانـە و دەورەی تایبـەتی خوینـدەواری، پـەروەردەیی و راهینـانی تایبـەتی بـۆ ژنـان دابین بکـات و دووهـەم ناوەنـدەکانی پـەروەردە و راگەیەنە گشتییەکان دەبی، ژنان و پیاوان هان بدات کـە لـە بوارەکـانی کـار و لیهاتووی خویانـدا کـە تـا ئیسـتا تـەنیا و بەگشـتی لـە پـاوانی پیـاوان دا بـوە بەشداری بکەن.

**4- تیکرای کار و پیشەکان دەبی لەسەر بنەمای پیوانە دیار و بەرچاوەکان بە شیوەیەکی یەکسان هەلسەنگیندریٚ و ریزبەندی بکریٚ.**

لە زۆربەی بوارەکـانی کـاری ژنانـە و ئـەو بەشـانەی کـە زۆربـەیان ژن کـاری تیـدا دەکـەن ئاسـتی حەقدەسـتەکان کـەمتر لـەو بەشـانەیە کـە لـەم چەشـنە بەشـانەدا پیـاوان کـار تیـدا دەکـەن. هـەر بۆیـە بـە مەبەسـتی نەهیشـتنی ئـەم نابەرابەرییـە پیویسـتە کـە ئاسـتی بنچـینەیی حەقدەسـت و سـەرجەم ئیمتیازەکانی کار لە سەرجەم بەشەکان دا لەسەر بنەمای پیوانەی وەك یەکی لـە چەشـنی کـاری قـورس و دژوار، پیشـینە و لیهـاتوویی کریکـاران و بـە تـەواوی لـە بەرانبـەر کـاری وەك یەکـدا دەبـی حەقدەسـتی بەرابـەر پـەرداخت بکریٚ.

**5- بەگشتی لە هەل و مەرجی کاری وەك یەك دا، ژنان حەقدەستیکی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن.**

ئەم جیاوازی دانان و هەلاواردنە دەبی بە تەواوی لەناو بچێ. بۆ هاتنە دی واقعی و بەکردەوەی ئەسڵی حەقدەستی بەرابەر بۆ کاری وەك یەك، دەبی حقوقی بناخەیی و سەرجەم حەقدەست و مەزایای پیشەیی لە هەموو بوارەکانی کاردا بۆ ژن و پیاو بە شیوەیەکی یەکسان دیاری بکرێ.

ماف و مەزایای جۆراوجۆری وەك ماف نیشتەجێ بوون، منال و هەلبژاردنەکان دەبی بە شیوەیەکی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوان دابین بکرێ.

**6- ژنان و پیاوان دەبی لە مافی بەرابەری بیمە کۆمەلایەتیەکان بەرخوردار بن.**

سەرجەم ئەفردای کۆمەلگا دەبی بیمەی بیکاری، بیمەی بەساڵاچوویی و بیمەی پەك کەوتەیی بیانگریتەوە.هەر کەسیکی سەروی تەمەن 18 سالەی حازر بە کار، لە ژن و پیاو کە نەتوانی کاریك پەیدا بکات دەبی بیمەی بیکاری وەربگری.

ژنان و پیاوانی سەرتر لە تەمەنی 55 سال دەبی بیمەی بەساڵاچوویی بیانگریتەوە، بۆ کەسانی کەمتر لە 55 سال کە بە هەر هۆیەك لە کار کەوتوون، بیمەی پەك کەوتەیی بۆ تەرخان دەکرێ.

ئەم مافانە دەبی بە جیا لە هەل و مەرجی کار و ماڤ بیمەی هاوسەر، بۆ ژنان لەبەر چاو بگیری.

**7- بۆ ئەو ژنانە کە بە ناچار شەوانە کار دەکەن دەبی ئیمکاناتی تایبەتیان بۆ دابین بکرێ.**

کاری شەوانە هەم بۆ ژنان و هەم بۆ پیاوان دەبی قەدەغە بکریّ. مەگەر لەو بەشانەدا کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یان پیویستییە تکنیکییەکان لەو ئاستەدان کە شەوکاری پیویستە. ئەرکی دەولەت و خاوەنکارانە کە لەم بەشانەدا ئیمکانات و ئاسانکاری پیویستی وەك هات و چۆ بۆ کاری شەوانەی ژنان دابین بکەن. سەرپەرستی منالانی کەمتر لە 3 سال لەهیچ هەل و مەرجیکدا نابیّ کاری شەوانەیان پیّبکریّ.

**8- دەبی ژنانی لەسەر کار لە ماف 2 رۆژ پشوودانی مانگانە کەلكوەربگرن.**

ماف ژنانە کە بە مەبەستی پشوودان لە کاتی سووڕی مانگانەدا، لە هەر مانگیکدا 2 رۆژ پشوودان بەبیّ کەم کردنەوەی حەقدەست و مەزایا، بۆیان دابین بکریّ.

**9- ئەسپاردنی هەرجۆرە کاریکی قورس و زەرەرمەند بە ژنانی حاملە و یا هەر جۆرە کاریك کە بە پیی بۆچوونی پزیشك لە تمە لە سلامەتی دایك یا کۆرپە دەدات قەدەغەیە.**

ئەرکی خاوەنکارە کە ژنانیك کە حاملەن و لە وەها هەل و مەرجیکدا لەسەر کارن، بەبیّ کەم کردنەوەی حەقدەستەکانیان، کاریکی گونجاویان پیّ بسپیریّ. هەرکات ئەم مەسەلەیە نەگونجا، ژنانی لەسەر کار لەم بەشانەدا دەبی لە تەواوی دەورانی سکپیریدا لە پشوودان بە دابین بوونی ماف و حەقدەستی تەواوەوە، بەهرەمەند بن.

**10- دەرکردنی ژنانی حاملە لەسەر کار قەدەغەیە.**

زۆربەی خاوەنکاران بەهۆی چاوچنۆکی و قازانجی خۆیان و بۆ سەرپیچی کردن لە پاراستنی مافەکانی ژنانی حاملە، بە بیانووی جۆراوجۆر دەریان

دەکەن، هەربۆیە دەبی دەرکردنی ژنانی حاملە بەهەر هۆیەك و بیانوویەك قەدەغە بکرێ.

## 11- ژنان دەبی لە مەرەخەسی تەواو بۆ کاتی منالبوون بەرخوردار بن.

دەبی مافی 16 حەوتوو پشوودان بۆ کاتی تایبەتی منالبوون واتە 8 مانگ پیشتر و 8 مانگ دوای منالبوون بۆ ژنان دابین بکری. ماوەی پشوودانی تایبەتی منالبوون، دەتوانن بەپیی بۆچوونی پزیشك زیاد بکرێ، لە سەردەمی پشوودانی منالبوون، ژنان دەبی ماف و حەقدەستی تەواو وەربگرن. پشوودانی کاتی منالبون دەبی وەك پێشینەی کار حیسابی بۆ بکری. خاوەنکار بۆی نیە، پاش گەرانەوەی ژن بۆسەرکار، ئاستی کارەکەی نزم بکاتەوە.

## 12- سەرپەرستی بنەمالە دەبی مەرەخەسی پیویست بۆ چاوەدیری منالیان بۆ دابین بکرێ.

بیجگە لە ماوەی پشوودانی دوای منالبوون بۆ دایك، دایك یان باوکی منالیك کە تازە بوە دەبی مافی ئەوەی هەبی هەتا پیش کاتی گەیشتنی کەلك وەرگرتن لە رەوزە، لانیکەم دەبی بەبێ کەم کرانەوەی ماف و حەقدەستەکانیان بۆ چاوەدیری و پێراگەیشتنی منال، کەلك وەربگرن. سەرپەرستیارانی منال دەتوانن بە ریککەوتنی هاوبەشی خۆیان ئەم مەرەخەسییە لەنیوان خۆیان دابەش بکەن و یان یەکیك لە لایەنەکان لە تیکرای کاتی پشوودانەکە کەلك وەربگری و هەتا رۆیشتنی منالەکە بۆ رەوزە ئەرکی پاراستن و چاوەدیری لە منال لە ئەستۆی لایەنیك بمینیتەوە بە مانەوە و پاراستنی حەقدەستەکەی لە هەزینەی خاوەنکار یان سندووقی بیمەی کۆمەلایەتی دەولەت دابین بکرێ.

هەروەها بە مەبەستی ئاسانکاری ئەرکەکانی کە باوك لە سەرەتای لە دایك بوونی منالەوە لە ئەستۆیەتی، دەبی لە ماڤ 2 حەوتوو پشوودان بە مانەوەی حەقدەستەکەی لە کاتی لەدایك بوونی کۆرپە، بەرخوردار بێ.

**13- بۆ ئەو دایکانەی لەسەرکارن و شیر بە منالەکانیان دەدەن،**

دەبی بۆ ئەو مەبەستە لانیکەم 2 نۆرەی نیو سەعاتی لە رۆژدا، کاری پێنەکری. رۆژکاری ئەو دایکانەی کە شیر بە منالەکانیان دەدەن نابێ لە 6 سەعات زیاتر بێ.

# مافەکانی ژن لە بنەمالەدا

**14- ژنان لە هەلبژاردنی هاوسەرو ئیزدواج دا ئازادن.**

ئیزدواج دەبی پەیوەندییەکی داخوازییانە و لەسەر بنەمای عەلاقە و هۆگری دوولایەنە بێ. سەپاندنی هەرجۆرە زەخت و زۆریك لەلایەن بنەمالەوە بەسەر کچاندا بۆ پیش گرتن لە ئیزدواج و یان ناچار کردنیان بە ئیزدواجی زۆرەملی و نەخوازراو، قەدەغەیە و بە تاوان دادەندرێ. هەر بۆیە تاوانباران سزای یاسایی وەردەگرن.

**15- سات و سەودا لە ئیزواج دا قەدەغەیە.**

سەرجەم یاسا و داب و نەریتیك كە لە ئیزدواج دا سات و سەودا پیك بێنێ لەوانە شیربایی، مارەیی و هەرجۆرە رەسم و یاسایەكیتری لەم جۆرە قەدەغەیە.

**16- بۆ بەرەسمی ناسینی ئیزدواج، تەنیا ئیزدواجی مەدەنی بەس نیە. رێ و رەسم و سوننەتی ئیزدواج ئەمری خسووسی كەسەكانە.**

بۆ ئەوەی كە ئیزدواج رەسمیەتی یاسایی هەبێ، تەنیا ئیزدواجی مەدەنی واتە نووسینی لە دەفتەرە دەولەتیەكاندا بەبێ هیچ رێ و شوینیكی مەزهەبی كافی نیە.

ئیزدواجی شەرعی رەسمیەتی یاسایی نیە و بۆ هەلگرتن و نووسینی لە دەفتەرەكانیش دا پیویستی بە ئیزدواجی شەرعی نیە.

**17- ئیزدواجی ژنان و پیاوانی كەمتر لە 18 سال قەدەغەیە. كەسانیك و ناوەندە مەزهەبیەكانیك كە ئەفرادی كەمتر لە 18 سال مارەی شەرعی دكەن، بە تاوانبار حیساب دەكرین.**

دەبی ژنان و پیاوان بەر لە ئیزدواج ئیمكانی گەشە كردن و پیشكەوتنی جیسمی و روحیان هەبی، دیاری كردنی تەمەنی 18 سال بەو مەبەستەیە كە هەموو كەس بە تایبەت ژنان بە دوور لە ئەرك و بەرپرسایەتی بنەمالەیی لە لانی كەمی پەروەردە و بارهینانی پیویست بۆ گەشەی تاكەكەسی، بەرخوردار بن.

**18- پەیوەندی جینسی كەسانی پیگەیشتووی سەروی تەمەن 18 سال لەگەل كچانی كەمتر لە 16 سال قەدەغەیە.**

دامەزراندنی پەیوەندی جینسی كەسانی سەروی تەمەن 18 سال لەگەل تازە لاوانی كەتر لە 16 سال وەك دەست دریژی كردنەسەری جینسی منالان

و تازەلاوان حیسابی بۆ دەکری و بە تاوان دادەندریٚ. لەم پەیوەندییەدا ڕەزامەندی کچان بۆ هەبوونی ئەم پەیوەندییە جینسییە ئیعتباری یاسایی نییە.

### 19- بوونی چەند ژنە قەدەغەیە.

هەبوونی چەند ژنە کە پاشماوەی داب و نەریتی دواکەوتووی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتیە کە بەهۆی مەزهەب و فەرهەنگی پیاوەزنی سەپیندراوە و سەقامگیر بووە، دەبی بە خیرایی لەناو بچی و قەدەغە بکری.

### 20- سیغە قەدەغەیە.

سیغە پاکانەی مەزهەبی لەش فرۆشی و جۆریك لە فەحشایە. ژنان بەهۆی هەژار و پیویستی مادی پەنا بۆ سیغە دەبەن و کار بەدەستان و بەریوەبەرانی مەزهەبی هۆکار و پەرەپیدەر و پەیوەندی ئەمجۆرە فەحشایەن. سیغە دەبی بە تەواوی قەدەغە بکری و کەسانی پەرەپیدەری دەبی لەلایەن یاساوە سزا بدرین و لیی بکۆلدریتەوە.

### 21- سەرجەم ئەو یاسا و ریسایانەی کە پیاوان لە پلەیەکی بەرزتروەك سەرۆکی بنەماڵە دادەنیٚ، دەبی هەڵوەشیتەوە.

ژن و پیاو دەبی بە تەواوی لە ماف و بەرپرسایەتی بەرابەر و یەکسان بەرانبەر بە یەکتر، بەرانبەر بە منال و سەرجەم بوارەکانی ژیانی بنەماڵەیی بەرخوردار بن. شوینی ژیان دەبی بە ریککەوتنی هاوبەشی هەردوو لایەن هەلبژیردریٚ، یاسایەك کە تەنیا مافی پیاوان لە دیاری کردنی شوینی نیشتەجیٚ بوون بە رەسمی دەناسیٚ، دەبی هەلوەشیتەوە.

مافی ژنان بۆ کار کردن و موسافرەت نابی بە ئیجازەی هاوسەرەکەی ببەستریتەوە.

**22- هەرجۆرە کردەوەیەکی توند و تیژی لە بنەماڵەدا لە چەشنی لیدان و ئەزیەت و ئازاری ژن قەدەغەیە.**

کردەوەی توند وتیژی بەدژی ژنان لە بنەماڵەدا بە تاوانی کۆمەلایەتی دادەندریّ و سەربەخۆ لە سکالاّی ژن دەبی یاسا لیی بکۆلیتەوە.

**23- سەرجەم یاسا و ریسای شەرعی و عورفی کە لەژیر ناوی دیفاع لە ناموس، سزای تاوانبارانی جینایەت لەدژی ژنان کەم دەکاتەوە، دەبی هەلوەشیتەوە.**

دواکەوتوویی فەرهەنگی و هەستی دەمارگرژانەی مەزهەبی لەژیر ناوی ناموس پەرەستیدا ئەمنیەتی روحی و جیسمی زۆربەی ژنان دەخاتە مەترسییەوە، دەولەتە مەزهەبیەکان و زۆربەی یاسا شەرعی و عورفییەکان دیفاع لەم دواکەوتوویی و دەمارگرژییە دەکەن و پەنای بۆ دەبەن.

لە پیناو پشتیوانی لە مافە ئینسانییەکانی ژنان پیویستە، بە خیرایی ئەم یاسایانە هەلوەشیتەوە بۆئەو جینایەتانەش کە لەلایەن باوک، برا، میرد و یان هەر کەسیکیترەوە بەرانبەر بە ژنان لەژیر ناوی دیفاع لە ناموس بەریوە دەچیّ، سزایەکی قورس دیاری دەکری.

**24- هەرجۆرە نابەرابەری و هەلاّواردنیکی نیوان ژن و پیاو لە یاساکانی پەیوەندیدار بە میراتەوە دەبی نەمینی.**

حوکم و یاسای مەزهەبی شەرعی پەیوەندیدار بە میراتەوە، لەسەر بنەمای هەلاواردنی ژنان دامەزراوە، ئەم یاسا و ریسایە دەبی هەلوەشیتەوە و ئیعتباری قانوونی نەبیّ.

**25- دایك و باوك لە مەسەلەی سەرپەرستی و چاوەدیری منالەكانیان لە ماف و بەرپرسایەتی وەك یەك بەرخوردارن.**

سەرپەرستی و چاوەدیری كردنی منالان لە كاتیكدا باوك دەمرێ، مافی دایكە. ئەگەر سەرپەرستی منال مرد، دادگا لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی منال، تەسمیم دەگرێ.

**26- هەرجۆرە نابەرابەرییەك لە نیوان ژن و پیاو لە بواری تەلاق و جیابوونەوە دەبی هەلوەشیتەوە.**

ژنان و پیاوان دەبی بە شیوەیەكی یەكسان لە مافی تەلاق بەرخوردار بن. دەبی لە كاتی داوای هەر لایەنیك چ ژن، چ پیاو، یاسا جیایی و تەلاقی ئەوان بە رەسمی بناسێ.

ئیمتیازاتی شەرعی و حقوقی تایبەت بە پیاوان سەبارەت بە سەرپەرستی و چاوەدیری منالان پاش جیابوونەوە، دەبی نەمینی. ژن و پیاو لە ماف و ئەرك و بەرپرسایەتی یەكسان بەرانبەر بە منالەكانیان بەرخوردارن. پاش تەلاق و جیابوونەوە، دەبی دادگا لەسەر ئەو بنەمایە و لەسەر بنەمای دابین كردنی باشترین هەل و مەرجی گەشە و پەروەردەی منالان و شیوەی سەرپەرستی منال دیاری بكات. لە كاتیك دا دایك هۆگری بەم كارە هەبی و مەرجی پیویستی ئەم كارەشی هەبی سەرپەرستی منال دەكەویتە ئەستۆی دایك. لە كاتیكدا كە پیویست بێ دەبی دەولەت لە بواری مالییەوە یارمەتی دایك یان باوك كە سەرپەرستی منالی لە ئەستۆیە، بدات.

هەرجۆرە هەلاواردنیك بە زیانی ژنان لە دابەش كردنی كەل و پەلی بنەمالە لەكاتی تەلاق و جیابوونەوە دەبی هەلوەشیتەوە.

**27- مافی دایكێنی دەبی سەربەخۆ و بەجیا لە ئیزدواج بە رەسمی بناسرێ.**

ژنانیك كه بێئیزدواج منالیان دەبێ، لە سەرجەم مافە فەردی و كۆمەلایەتیەكانی دایكینی دەبی بەرخوردار بن. منالەكانیشیان دەبی تەواوی مافە كۆمەلایەتیەكانیان بۆ لە بەرچاو بگیری.

**28- پەیوەندی خسووسی نیوان ژن و پیاو دەبی رێزی لی بگیری و لە هەرجۆرە دەخالەت و دەست دریژی كردنیك پاریزراو بیت.**

هەرجۆرە دەست تیوەردانی دەولەت و یان دەخالەتی ئەفراد و ناوەندیتر لە پەیوەندی خسووسی نیوان ژن و پیاو قەدەغەیە.

# مافە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان

**29- هەلبژاردن و هەلبژیران دەبی مافی بەرابەری نیوان ژنان و پیاوان بێ.**

ژنان و پیاوان دەبی بە شیوەیەكی یەكسان لە مافی هەلبژاردن و هەلبژیران لە سەرجەم ئۆرگانەكانی قانوون دانان، قەزایی و ئیجرایی لە هەموو

بوراەکانـدا بـەرخوردار بـن. هـەموو ئـەو یاسـایانەی کـە دەبنـە ئاسـتەنگ و کۆسپی سەر ریگای ئەو مافە دەبی هەلوەشیتەوە.

**30- هەموو ئەو یاسا و ریسایانەی کە ئازادی ژنان بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگ زەوت دەکات دەبی لەناو بچیٚ.**

جـۆری لیبـاس و شـیوەی لەبـەر کردنـی جـل و بـەرگ، کـاری خسووسـی ئینسانەکانە و هیچ بەرپرس و ناوەندیك، دەولەتی و غەیرە دەولـەتی، حـەقی دەخالـەتی نیە و ژنان بە تەواوی لە شیوەی لەبەرکردنی جل و بـەرگ ئـازادن. سەپاندنی جۆری لیباس بۆ ژنان و سەپاندنی حیجاب بە تەواوی قەدەغەیە.

**31- هــەرجۆرە جیاکردنەوەیــەکی نیــوان ژنــان و پیــاوان لــە کــۆر و کۆبوونەوەکان، لە هەر شوینیك و لەناو هەر وەسیلەیەکی راگواستنی گشتیدا قەدەغەیە.**

هەموو کەند و کۆسپە سەپیندراوەکانی سەر ئەم ریگایە دەبی لەناو بچیٚ.

**32- هەرجۆرە هەلاواردنیکی جینسی لە بواری ئاموزش و پەروەردەدا دەبـی هەلوەشیتەوە.**

سەرجەم دەرسەکان و دەورە ئاموزشییەکان بۆ کچان و کوڕان لـە مەدرەسـە و ناوەندە بەرزەکانی پەروەردەییدا دەبی یەکسان بیٚ. دابەش کردنی یاسایی و بـــەکردەوەی بەشـــەکانی ئاموزشـــی بەســـەر ژنـــان و پیاوانـــدا دەبـــی هەلوەشیتەوە.

لە سەرجەم بوارەکانی ئاموزشیدا، کلاسەکان دەبی تیکـەل بـن. مـافی ژنانـە کـە لـە هـەموو بەشـەکانی وەرزشـیدا بەشـداری بکـەن و دەبـی لـە هـەموو ئیمکاناتیکی وەرزشی بەهرەمەند بن.

**33- بۆ خویندن و فێربوونی ژنـان دەبـی ئاسـانکاری بکـری و ئیمکانـاتی تایبەتی دابین بکری.**

زۆربـەی ژنـان بـەهۆی هـەل و مـەرجی ژیـان و بـارودۆخی کۆمەلایـەتیان لـە خویندن و فێربوون بێبەش بوون. بۆ قـەرەبوو کردنـەوەی ئـەم دواکەوتووییـە دەبـی سـەرەرای رەخسـاندنی ئـاموزش و پـەروەردەی خـۆرایی و ئیجبـاری بـۆ سـەرجەم کەسـانی نـاو کۆمـەلگا هـەتا تەمـەنی 18 سـالی، کلاسـی تایبـەتی خوینـدن و فێرکـردن و دریـژەدانی خوینـدن بـۆ گـەورە سـالان لـە بـواری جۆراوجۆردا دابمەزرێ و ئاسانکاری پیویست بۆ بەشداری بـەرینی ژنـان لـەو کلاسانەدا بکری.

**34- مەهد کودەك و شوینی حەوانەوەی منالان دەبی لە شار و ئاواییەکاندا بە شیوەیەکی بەرین دا بمەزرێ.**

بـۆ رەخسـانی بـواری بەشـداری چـالاکانەی ژنـان لـە ژیـانی کۆمەلایەتیـدا پیویستە چاوەدیری و پاریزگاری لە منالان هەرچی زیاتر لەلایەن کۆمەلگاوە بەریوە بچی. بەو مەبەستە دەبی لە شوینەکانی کار و گەرەکەکانی شار و دێ بە شیوەیەکی بەرین مەهدی کودەك و کودەکستان دابمـەزرێ. دایـك و بـاوکی منـالان دەبـی ئیمکـانی دەسترەسـی و بـە شـیوەیەکی ئاسـان و خـۆرایی لـە مەهدی کودەك و کودەکستان کـەلك وەربگـرن. ئـەرکی دەولـەت و خاوەنکـاران ئەوەیە کە یارمەتی بە دامەزراندنی ئەم ناوەندە دامەزراوانە بدەن.

**35- ژنان دەبی لەژیر باری زەخت و زۆری کاری بنەمالەیی رزگاریان ببیو بەشداری ئەوان لە ژیانی کۆمەلایەتیدا دەبی ئاسانکاری بۆ بکری.**

بەریوەبردنی کارو باری ناومال و چاوەدیری لە بنەمالە بەشیکی گـەورە لـە کـات و وزە و توانـایی جیسـمی و فکـری ژنـان بەخۆیـەوە خـەریك دەکـات و

کۆسپێکی گەورەیە لەسەر ڕێگای پەروەردە بوونی لێهاتووییەکانی ژنان و ئاستەنگ و بەربەستێکی جیددییە لەسەر ئیمکانی حزوور و بەشداری ژن لە ژیانی کۆمەلایەتیدا.

هاتنەدی بەکردەوەی ماف و ئازادییە فەردی و کۆمەلایەتییەکانی ژنان، تەنیا بە ئاستێك بەستراوەتەوە کە ژنان لە قەید و بەندی کاری بنەماڵەیی ڕزگار بن.

کار لە چوارچێوەی ماڵدا ئەرکی هاوبەشی پیاو و ژن لە بنەماڵە دایە و بۆ ئەوەی کە پیاوان و ژنان لەپاڵ بەڕێوەبردنی کاری ماڵدا، لە بەشداری کردنی ژیانی کۆمەلایەتی و لەکاتی ئازادی تاکەکەسی بەرخوردار بن، ئاسانکاری و ئەنجام دانی هەرچی زیاتری کاری ناوماڵ لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەرکێکی سەرەکی و گرینگە. ئەمڕۆ بەشێکی سەرەکی کاری ناوماڵیش دەتوانی و دەبێ لەلایەن کۆمەلگاوە سازمان بدرێ و بەڕێوە بچێ. بەشی سەرەکی کاری ناوماڵیش دەتوانی و دەبێ بە بەرهەم و دانەدەرەوەی لەبارتر و زۆرتی بەرهەمەکان و کەرەسەی پێویست بۆ کارو باری ناوماڵ و هەروەها ڕێکخستنی گونجاوتری خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی بە توندی ئاسانکاری بۆ بکرێ.

بەو مەبەستە پێویستە ئەو هەنگاوانە بەخێرایی لەلایەن دەولەتەوە هەلبگیرێ:

– ئەرکی دەولەتە، چێشتخانە و لیباس شوویی گشتی لە هەموو گەرەکەکان دابمەزرێنێ. ئەو ئیمکاناتە دەبێ بە ئاسانی هەموو کەس دەستی پێی رابگات و کەلکی لێ وەربگرن.

– ئەرکی دەولەتە کارو بار خزمەتگوزاری، بەرهەمەکان و ئامرازیك کە لە جیهەتی ئاسانکاری لە کاری ناومال دا دەبی، بەبێ لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی خوازانە، پەرەیان پێبدات.

– ئەرکی دەولەتە پیشکەش کردنی ئەو بەرهەمانەی کە پاراستنی منال لە بنەمالەدا ئاسان دەکاتەوە، بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی رێ و شوینی بیهداشتی و تەندروستی و بەبێ هیچ جۆرە مولاحزاتیکی بەرژوەندی خوازانە، پەرەیان پێبدات.

هەروەها دەولەت، ناوەندی تایبەتی بیهداشتی و پزیشکی منالان لە گەرەکەکاندا دابمەزرینی، بە جۆریك کە ئەم ناوەندانە سەبارەت بە ئەرکی خۆراك و بیهداشتی منالان و چاوەدیری لەمنالان لەکاتی نەخۆشی، لەگەل دایکان و باوکان تەنانەت لە مالەکانیشیاندا، بە شیوەیەکی ریك و پیك، پرس و راویژ بکەن و کاری خزمەتگوزاری پیشکەش بکەن.

– ئەرکی دەولەتە، شوینی کایە و یاری تایبەتی منالان لە سەرجەم گەرەکەکانی شار و دێ بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی رێ و شوینی بیهداشتی و تەندروستی دابمەزرینی.

– ئەرکی دەولەتە شەبەکەی وەسائیلی راگواستنی گشتی، دارشتنەوەی ساختومان و شارسازییەکان بە جۆریك ئیسلاح بکات و پەرەیان پێبدات کە ئیمکانی هەلگرتن و چاوەدیری منالان و ساوایان بە شیوەیەکی تەندروستی لە هەموو شوینیك برەخسێ. ئەم کارە یارمەتی دەدات کە چاوەدیری لە منالان، دایك و باوك ناچار نەکات لە چوار چیوەی مالدا قەتیس بن.

– ئەرکی دەولەتە لە تیکرای گەرەکەکانی شار و دێ ناوەندی خەریدی ریك و پیك دابمەزرینی بۆ ئەوەی کرینی پیداویستی رۆژانە و کەل و پەلی ناومال بە ئاسانی و لە ماوەیەکی ئاساییدا لەلایەن پیاو یان ژنەوە ئیمکانی هەبێ.

## 36- بۆ بەگژدا چوونەوەی فەرهەنگی پیاوەمەزنانە، پیاوان دەبی ئاموزشی تایبەتی ببینن.

بۆ موبارزە لەدژی بیرورا و سوننەتیك کە لەسەر بنەمای ژێردەستەیی و سووکایەتی پیکردنی ژنان داریژراوە، پیویستە هەنگاوی تایبەتی بە مەبەستی ئاموزش پیاوان هەلبگیرێ. بەو مەبەستە دەبی لە کتیبە دەرسی و ئاموزشی و راگەیەنە گشتییەکاندا لیبراوانە بەگژ بیرورا و سوننەتی پیاومەزنانەدا بچنەوە. فەرهەنگ و بیرورای بەرابەری نیوان ژن و پیاو دەبی بانگەشەی بۆ بکری و پەرەی پێبدری. هەروەها پیویستە هەتا لە مەدرەسە گشتییەکاندا و لە ئاموزشگا تایبەتیەکاندا، پیاوان لە دەورە "تەخەسوس"ییەکانی وەك خەیاتی، ئاشپەزی، ئەرکەکانی پەیوەندیدار بە منال کە بەپیی سوننەت تایبەت بوە بە ژنان، بەشداری بکەن. ئەم کارە بەشدار بوونی بەکردەوەی پیاوان لە کارو بارەکانی ناومال ئاسان دەکاتەوە.

## 37- بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی ژنانی دێ دەبی هەنگاوی تایبەتی هەلبگیرێ.

لە ئاواییەکاندا لە کاتیك دا لانیکەمی ئیمکانات و لە دواکەوتوویی بەرهەم هینان دا قەراریان گرتوە، کار و ئەرکی سەخت و دژوار لەسەر شانی ژنانە. سەرەرای بەریوە بردنی کار و باری ناومال، دابین کردن و ئامادە کردنی زۆربەی پیداویستییە سەرەتاییەکانی ژنان، لە هەل و مەرجیکی دژوار و بە دواکەوتووترین ئامراز، ئەرکی ژنانی دێهاتەکانە و سەرجەمی ئەوانە وێرانی رۆلی ئەوان کە لە بەرهەم هینانیدا دەیگێرن، هەل و مەرجی دژوار و تاقەت پروکین بەسەر کار و ژیانی ژنان لە ئاواییەکاندا حاکم بوە.

بە مەبەستی باشتر کردنی بارودۆخی ژنانی ئاوایی، دەولەت دەبی هەنگاوی تایبەتی لە چەشنی پەرەپیدانی شەبەکەی گەیاندنی بەرق بۆ

ئاواییەکان، لولەکەشی ئاو، نانەواخانەی گشتی و دابین کردنی سووتەمەنی گونجاو لە سەرجەمی ئاواییەکان بەخێرایی دابمەزرێنی.

## 38- دەبی ژنان لە خزمەتگوزاری بیهداشتی تایبەتی بەهرەمەند بن.

تیکرای کەسانی ناو کۆمەلگا دەبی لە خزمەتگوزاری دەرمانی و بیهداشتی رایگان بەرخوردار بن. سەرەرای ئەوەش ژنان دەبی لە خزمەتگوزاری تایبەتیش کەلك وەربگرن، بۆ ئەو مەبەستە ئەو ئیقداماتانە بەخێرایی، پیویستن:

– بە مەبەستی پیشگرتن و یا دەرمانی بەجێ ورێی نەخۆشییە تایبەتیەکانی ژنان معایناتی ژنان لە ماوەی لانیکەم سالانەدا دەبی ببیتە رەوالی ئاسایی.

– شەبەکە و ناوەندی زاینگە بە ئیمکاناتی پیشکەوتوویی پزیشکی دەبی لە هەموو ولات دا دابمەزرێ و پەرەبستینی، بە جۆریك کە تیکرای ژنانی حاملە بتوانن لەژیر چاوەدیری پزیشك و مامانی پسپۆر و شارەزا لە هەل و مەرجیکی تەواو بیهداشتی و ئەمن دا منالیان ببێ.

## 39- قەدەغە بوونی لەبار بردنی کۆرپەلە دەبی هەلوەشیتەوە.

کۆمەلگای سەرمایەداری تەنیا دوو ریگا دەخاتە بەردەم ژنانیك کە بەشیوەیەکی نەخوازراو حاملە دەبن، لەناو بردنی کۆرپەلە و یان سەپاندنی هەل و مەرجی دژواری روحی، ئابووری و کۆمەلایەتی لە حالەتیکدا کورپەلە بپاریزن، هەژاری و تەنگدەستی لە دابین بوونی ئابووری منالەکان، کۆسپی واقعی و بەکردەوەی کە بوونی منال و چاوەدیری و پەروەردە کردنی لەسەر ریگای بەشداری ژنان لە ژیانی کۆمەلایەتی، ئابوری و سیاسی، دەخاتە تەنگژەوە و سەرەنجام ئاستەنگ و فشارە ئابووری، کۆمەلایەتی و ئەخلاقی

که دۆزینەوەی منال بۆ ژنانی سەڵتە و منالەکانیانی بەدواوە بێ، هەمووی ئەو هەل و مەرجە دەبیتە هۆی ئەوەی هەتا زۆربەی ژنان خوازیاری کۆتایی هینان بە سکپڕی بن و لەکاتی نایاسایی بوونی ئەم کردەوەیەدا، پەنا بۆ لەناو بردنی کۆرپەلە بەهۆی کەسانی ناشارەزا لە هەل و مەرجیکی غەیرە بیهداشتی و بە قەبوول کردنی هەزینەیەکی زۆر دەبەن. بە سەرنج دان بەم راستییە، دەبی مافی لەناو بردنی کۆرپەلە لە کاتیکدا کە مەترسی گیانی بۆ ژن بەدواوە نەبی و تەمەنی کۆرپەلە زیاتر لە 16 حەوتوو نەبی، بۆ تیکرای ژنان بە رەسمی بناسری و ئەنجامدانی بە ئیجازەی هەرکەس و ناوەندیک بیجگە لە خودی ژنەکە نەبەسریتەوە. عەمەلی لەناو بردنی کۆرپەلە دەبی لە نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی گشتی و لەژیر چاوەدیری پزیشکی ئەم بوارە بە خۆرایی بەریوە بچێ. کەسانیک کە بەبێ بوونی پسپۆری و لیهاتوویی تایبەتی و پیویست، ئەم عەمەلە بکەن، بە تاوانبار دادەندرین و یاسا دەبی لیی بکۆلیتەوە.

ژنانی حاملە هەتا کاتیک منالیان دەبی لە معایناتی ریک و پیکی مانگانە بەرخوردار بن.

ئەو موعایناتانە پاش زایمانیش هەتا کاتیک لە روانگەی پزیشکەوە بە پیویستی بزانی، دەبی دریژەیان هەبی.

دەبی ناوەندی گەشەپیدان و تەنزیمی بنەمالە لە سەرجەم گەرکەکانی شار و ئاواییەکاندا دابمەزری. دەبی ئەم ناوەندانە لە ئیمکاناتی خزمەتگوزاری، کەسانی پسپۆر و شارەزا و پیداویستی گونجاو بەرخوردار بن. ئەم ناوەندانە دەبی ئاموزش و رینوینی پیویست بدەن و هەروەها ئامراز و کەرەسی پیش گرتن بە حامیلەگی بە شیوەی خۆرایی لە ئیختیاری هەموو ئەو کەسانەی

بنێن کە سەردانیان دەکەن. بەسەر بەرهەم هێنان و وارداتی ئامرازی پیش گرتن لە حاملەگی دەبی بە تەواوی لەژێر چاوەدێری پزیشکیدا قەرار بگرێ.

**40- داب و نەریتێک کە لە بواری رووحی و جیسمییەوە سووکایەتی بە ژنان دەکات دەبی قەدەغە بکرێن.**

ئیستاش لە زۆر شوێنی دواکەوتوو لە بوار ئابوور و فەرهەنگی، داب و نەریتی کۆنەپەرستانەی وەک خەتەنەی ژنان و ئال و گۆر پیکردن بە کچان، لە ئارادایە. داب و نەریتیکی ئەوتۆ دەبی قەدەغە بکرین.

ئەرکی دەولەتە کە هەنگاوی یاسایی و فەرهەنگی پیویست بۆ سرینەوەی ئاسەواری ئەم رێ و رەسمانە هەلبگری و لە کەسانی خەتاکار و سەبەبکار بکۆلیتەوە و بە توندی سزایان بدات.

**41- دەبی ژنان لە بەرانبەر جینایەت و دەست دریژی پێکران و توندوتیژیدا، لە ئەمنیەتی حقوقی و کۆمەلایەتی بەرخوردار بن.**

دەست دریژی کران و قەساوەت لە دڕندانەترین جۆری سووکایەتی بۆسەر کەسایەتی جیسمی و رووحی کەسیک، لە کۆمەلگای ئەمرۆدا بەهۆی زال بوونی هەستی دەمارگرژانەی ئەخلاقی پیاوەمەزنانە و بیروباوەری مەزهەبی، تجاوەز و قەساوەت وەک دەست دریژ کردن بۆسەر ناموس و شەرەف و حورمەتی بنەمالە حیسابی بۆ دەکری و هەر ئەم کارەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کات ئەم جینایەتانە سەرپۆش بکرێن.

سووکایەتی و تەوهین بە ژن یان تەنانەت ئەزیەت و ئازاری ئەو، چ لەلایەن پیاوانی بنەمالە و چ لەلایەن بەرپرسانی رەسمییەوە، داوای خوین بەها و تۆلە لی کردنەوەی بنەمالەیی بەدواوە بوە و تەنانەت زۆربەی کات ناچار کردنی ئەو کەسەی بۆتە قۆربانی تجاوەزەکە بە ئیزدواج لەگەل ئەو کەسەی

تجاوەزی کردوە، گەلیك جاران ئاکامی ئەم تجاوەز و قەساوەتە بوە. هەمووی ئەو مەسەلانە بۆتە هۆی ئەوەی کە ژنانیك کە تجاوەزیان پیکراوە، لە شکایەت بە ناوەندە ئینتزامی و قەزاییەکان خۆ بپاریزن و تەنانەت ئەو مەسەلەیە بەلای نیزیکترین کەسانی خۆیانەوە نەدرکینن، هەربۆیە دەبی:

قەساوەت لە زوومرەی تاوانی جینایەتکارانەی کەیفەری دابندریّ. تۆلە ئەستاندنەوەی بنەمالەیی بە پالپشتی دەمارگرژی ئەخلاقی و مەزهەبی قەدەغە و بە تاوان حیساب دەکری. قوربانیان ئەم کردەوە درندانەیە دەبی بە ئاسانی بتوانن لە ناوەندە قەزاییەکان کەلك وەربگرن.

پیّراگەیشتن بەو کەسانەی تجاوەزی ئەوتۆیان پیّدەکری دەبی بەدوور لە سووکایەتی پیکردن و بەخیراییترین کاتی مومکین بەریوە بچیّ. قوربانیانی ئەم تجاوەزە دەبی لە خزمەتگوزاری پزیشکی و رەوانپزیشکی بەرخوردار بن.

**42- دەبی بەربەرەکانی لەدژی زەمینە کۆمەلایەتیەکانی فەحشا بکری. بە مەبەستی گەراندنەوەی قوربانیانی فەحشا بۆسەر ژیانیکی ئاسوودە و سالم دەبی لە بواری ئابووری و ئاموزشییەوە ئیمکاناتی پیویست تەرخان بکری و ئاسانکارییان بۆ بکریت.**

فەحشا یەکیك لە شیوازەکانی ستەمە کە لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا بەسەر ژنان دا سەپاوە و خەبات لەدژی فەحشا بۆ بەدەست هینانەوە و پاراستنی حورمەت و کەسایەتی ئینسانی ژن لە کۆمەلگادا، ئەرکیکی سەرەکی و پیویستە. هەژاری و نەبوونی هەل و مەرجی لەباری کۆمەلایەتی و ئاستەنگ و کۆسپی یاسایی و عەمەلی کە لەسەر ریگای کاری ژنان و سەربەخۆیی مالی ئەوان قەراری گرتوە، بە پالپشتی فەرهەنگ و خو و رەوشتی پیاوەمەزنانە، لە هۆکارەکانی پیکهاتن، پاراستن و پەرەگرتنی فەحشا لە کۆمەلگای ئەوسەردەمە دایە.

تەعەسووبات و ئاموزشە مەزهەبییەکان هەر بەوجۆرە کە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی لە ئیران نیشانی داوە، لە ئارادا بوە. بە هاندان و بەهیز کردنی فەرهەنگی پیاومەزنی و سەپاندنی هەل و مەرجی ژیردەستەیی ژن، خۆی هۆکاری پەرەگرتنی فەحشا لە کۆمەلگادا بوە.

لەناو بردن و سرینەوەی ئاسەواری فەحشا لە گرەوی خەبات لەدژی تیکرای ئەو مەسەلانە دایە کە ئیشارەمان پیکرد. هەروەها بۆ بەگژدا چوونەوەی فەحشا، ئەم ئیقداماتانە بەخیرایی دەبی ئەنجام بدریّ:

– ئەرکی دەولەتە کە لەبواری ئابوورییەوە یارمەتی بە قوربانیان فەحشا بکات و ئیمکاناتی ئاموزشی و رەخساندنی هەل و مەرجی کار و پیشەیان بۆ ریك بخات.

– دەست و پیوەند و کارگوزارانی فەحشا دەبی بکەونە ژیر لیکۆلینەوەی یاسا و سزای قورسیان بۆ لەبەرچاو بگیریت.

## 43- هەرجۆرە جیاوازی دانان و هەلاواردنیکی ژنان لە ریکخراوە سیاسی، سینفی و فەرهەنگیەکاندا قەدەغەیە.

ژنان و پیاوان دەبی بە شیوەیەکی یەکسان لە مافی ئەندامەتی و هەلسووران لەنیو ئەو ریکخراوانەیاندا بەرخوردار بن.

## 44- پیکهاتنی ریکخراوە لە پەیوەند لەگەل داخوازی و مەسەلەی ژنان ئازادە.

پیکهاتنی هەرجۆرە ریکخراویك بە مەبەستی وەدەست هینانی مافەکانی ژنان، دفاع لەو مافانە و هەروەها وەلامدانەوە بە پیداویستی و باشتر کردنی بارودۆخی ژنان ئازادە و ئەرکی دەولەتە کە ئیمکانات و ئاسانکاری پیویست بۆ ئەم ریکخراوانە تەرخان بکات.

## 45- هەرجۆرە ریکخراویکی تایبەتی ژنان ئازادە.

مافی ژنانە کە لە بواری جۆراوجۆردا و سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك ریکخراوەی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرینن.

## 46- داخوازییەکانی ژنان دەبی بە شیوەیەکی دیموکراتیك دابین بکری.

مەرجیکی پیویست بۆ هاتنەدی واقعی داخوازییەکانی ژنان ئەوەیە کە بەریوە بردنیان بەدوور لە هەرجۆرە چەواشەکاری و دەستیوەردانی بوروکراتیك و لە ریگای بەشداری ئازادانەی خەلك بە تایبەت بەشداری هەرچی بەرینتری ژنان بەریوە بچی، لەم رووەوە:

– ئەرکی دەولەتە کە ریکخراوە و سازمانە جەماوەری و غەیرە دەولەتیەکان (لە ریکخراوەی تایبەتی ژنانە وە بگرە هەتا ریکخراوە جەماوەرییەکانی وەك شورا کریکارییەکان و شورای گەرەکەکان) کە لە پیناو باشتر کردنی بارودۆخی ژنان خەبات دەکەن، وەك ئورگانی ئیجرایی و چاوەدیری بەسەر هاتنەدی داخوازییە تایبەتیەکانی ژنان بە رەسمی بناسیّ.

– ئەرکی دەولەتە کە لە پەیوەند لەگەل هەر داخوازی و کردەوەیەك، سەرچاوە و ئیمکاناتی پیویست بە مەبەستی بەرەو پیش بردنی کاری ئەم ریکخراوانە، بۆیان دابین بکات.